حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی
بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی

حكومة إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة للإشراف التربوي
مديرية الإشراف التربوي

ISO 9001:2015

ژمارە: ١٠٠٩٠ /   العدد: /

ڕێکەوت: / / ٢٠٧٢٢ کوردی   التأريخ: ١٥ / ٥ / ٢٠٢٢

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکانی (هەولێر - سلێمانی - دهۆک - هەڵەبجەی شەهید - گەرمیان کەرکوک-ب.خ.کوردی)**

**بابەت/ پلەکانی سەرپەرشتیاری**

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا خشتەیەک بەناوی ئەو پەروەردانەی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتیتان کە پێویستیان بە پلەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی/ بنەڕەتی هەیە بۆتان ڕەوانە دەکەین بە مەبەستی ڕاگەیاندنیان و گشتاندنی بەسەر قوتابخانە و خوێندگەکانی سنووری پەروەردەکانتان بۆ ڕەخساندنی هەلی پێشکەش کردنی داواکاری بەبێ جیاوازی بۆ مامۆستایان بەپێی مەرج و پێوەرەکانی هاوپێچ. لەگەڵ ڕێزدا...

تێبینی/

- پێشکەش کردنی داواکاری بەشێوەی ئۆنلاین (online) دەبێت لە ڕێگەی سیستەمی (e-parwarda).
- مامۆستای داواکار لە ڕێگەی (www.e-parwarda.com) دەتوانێت داخلی سیستەم ببێت.
- کۆدی مامۆستا لە سیستەمی (e-parwarda) دەبێتە کۆدی بەکارهێنەر، وە ژمارەی بایۆمەتری مامۆستا وەکو ووشەی نهێنی بەکاردێت.
- دوا مۆڵەت بۆ پێشکەش کردنی داواکاری لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٢) دەبێت.

هاوپێچ/

- خشتەی ناوی پەروەردەکان.
- مەرج و پێوەرەکان.

**ئالان حمەسعید صالح**
**وەزیری پەروەردە**
١٥ /٥/ ٢٠٢٢

وێنەیەک بۆ:-

- نووسینگەی جەنابی وەزیر .... لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بریکاری وەزیر / سەرۆکی لیژنەی باڵای پلەی سەرپەرشتیاری... بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ میلاکات ... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی .... لە گەڵ بەراییەکان بۆ بەدواداچوون.
- گشت بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی دیوانی وەزارەت ( ) ... بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی( هەولێر ، سلێمانی ، دهۆک ، گەرمیان ، هەڵەبجەی شەهید)/لەگەڵ سەرجەم هاوپێچەکان بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە...لە گەڵ ڕێزدا.
- یەکەی سەرپەرشتیکردنی بنەڕەتی کەرکوک ... لەگەڵ سەرجەم هاوپێچەکان بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە...لە گەڵ ڕێزدا
- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن لە وەزارەت .... بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی (T.V) پەروەردەیی هەولێر/ سلێمانی / دهۆك ... بۆ زانین و کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- خولاو ...

| | | |
|---|---|---|
| MoEK-DSV18 | ژمارە و ڕێکەوتی دەرچوون | 2019/09/01 لە ( 1) |

## مەرج و پێوەرەکانی دانانی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی

### مەرجەکان :

**یەکەم** : داواکار لایەنی کەم هەلگری بڕوانامەی بکالۆریۆس بێت و خزمەتی لە کاری مامۆستایی و بواری پەروەردەیی لە فەرمانگەکانی پەروەردە لە ( ١٢ ) ساڵ کەمتر نەبێت .

**دووەم** : تەمەن/ لە دایکبووانی ( ١٩٦٨/١/١ )و بەسەرەوە مافی پێشکەش کردنی داواکارییان هەیە.

**سێیەم** : دەبێت مامۆستای داواکار فەرمانی جێگیربوونی ( تثبیت) بۆ کرابێت .

**چوارەم** : هەر جۆرە سزایەکی لە ئەنجامی لیژنەی لێکۆلینەوە ئاراستە کرابێت لە (انذار) بەسەرەوە، مافی پێش کەش کردنی داواکاری نابێت.

### پێوەرەکان :

یەکەم : تاقیکردنەوەکان :

أ- مامۆستای داواکار بەشداری بکات لە تاقیکردنەوەی ( زانیاری گشتی لە بواری پەروەردە و فێرکردن ) و پێویستە بەشدار بوو لەم تاقیکردنەوەیە نمرەی (٦٠٪) وەک نمرەی دەرچوون بە دەست بهێنێت بە پێچەوانەوە مافی بەشدار بوونی لە تاقیکردنەوەکانی تر نابێت، ئەم تاقیکردنەوەیە (مرکزی) دەبێت و لە پارێزگای هەولێر ئەنجام دەدرێت.

ب- تاقیکردنەوەی ( بواری پەروەردەیی و کاری سەرپەرشتیاری) کە پرسیارەکانی بە ڕێژەیی زۆر لەم بابەتانە دەبێت ( **ڕێبەری هەڵسەنگاندنی دەرەکی قوتابخانەکان ، ڕێبەری سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگر ، ڕێبەری بەڕێوەبەری سەرکردە ، سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان ، ڕێنماییەکانی ئەزموونەکان** ) ، وە ڕێژەی ( ٥٠٪ ) ی نمرەکەی بۆ کۆنمرەی کۆتایی هەژمار دەکرێت.

ج- مامۆستای داواکار بەشداری تاقیکردنەوەی کۆمپیوتەر بکات بە شێوەی کرداری (عملی)، کە لە لایەن لیژنەیەکی دیاریکراو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانداانی پەروەردەیی/ بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای زانیاری لە وەزارەت ئەنجام دەدرێت، وە لەسەر ئەم بابەتانە (E-PARWARDA + KOBO COLLECT) وە زانیاری هەبێت لە بوارەکانی (WORD – EXCEL – POWER POINT)، وە (١٠) نمرەی لەسەر دەبێت.

**دووەم** / دۆسیەی کەسی ( ١٠ ) نمرەی لەسەر دەبێت بەم شێوەی خوارەوە :

- ڕێزو سوپاس (٤) نمرەی بۆ دانراوە :

هەر چوار ڕێزوسوپاس تەنها یەك نمرەی پێدەدرێت ،واتە تاکو (١٦) ڕێزو سوپاس هەژماردەکرێت.

- دوو هەڵسەنگاندنی کۆتایی (٦) نمرەی بۆ دانراوە :

بۆ نایاب (٣)نمرە.

بۆ زۆرباشە (٢)نمرە.

**سێیەم/** چاوپێکەوتن و پرێزنتێشن ( ٣٠) نمرە :
پرۆسەی چاوپێکەوتن و پێشکەش کردنی ( پرێزنتێشن )لە لایەن لیژنەی باڵای وەزارەت هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت .

**چوارەم /** بۆ بەدەست هێنانی پلەی سەرپەرشتیاری دەبێت کۆنمرەی کۆتایی لە ( ٦٠٪) کەمتر نەبێت، وە لە هەمان کاتدا لە دەرەوەی پلەی سەرپەرشتیاری دیاریکراو ئەگەر پێشکەشکارانی دەرچوو ژمارەیان لە پلە تەرخانکراوەکان زیاتر بوو ئەوا لیژنە بە گوێرەی ئەم پێوەرانەی سەرەوە یەکلایی دەکاتەوە.

## ڕێنماییەکان :

١- پێشکەش کردنی داواکاری پلەی سەرپەرشتیاری بەشێوەی ئەلکترۆنی (online) دەبێت و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی/بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای زانیاری ڕێکدەخرێت.

٢- پێشکەش کردنی داواکاری و کێبڕکێ لە سەر ئاستی یەکەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی ( پەروەردەی قەزا ) دەبێت .

٣- بۆ دانانی دەرچووان لە پرۆسەی پلەی سەرپەرشتیاری بە پێی ژمارەی داواکراو و کۆنمرەی کۆتایی دەبێت لە سەر ئاستی یەکەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی ( پەروەردەی قەزا ) ، بە ڕەچاوکردنی پێدانی ( ٥ ) پێنج نمرە وەک ( أفضلية) بۆ نیشتەجێی قەزاکە، وە بۆ یەکلا کردنەوەی دانانی ئەو دەرچووانەی کە هەمان کۆنمرەی کۆتاییان هەیە زیاتر لە پلەی داواکراو پاڵپشت بەم مەرجانە یەکلا دەکرێتەوە:

أ. ساڵانی خزمەتی زیاتر بێت.

ب. تەمەنی بچوکتر بێت.

٤- لە کاتی بە دەست هێنانی پلەی سەرپەرشتیاری دەبێت سەرپەرشتیار پابەند بێت بەم خاڵانەی خوارەوە :
پێشکەش کردنی بە لێننامەکانی تایبەت بە :

أ. نەبوونی سزای پەروەردەیی کە لە بڕگەی چوارەمی مەرجەکان دیاری کراوە ، وە ئەم بەلێننامەیە لە لایەن بەشی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا پەسەند بکرێت .

ب. خزمەتکردن لەو پەروەردەیەی کە بۆی دیاری کراوە تا ماوەی (٥ ) ساڵ نابێت داوای گواستنەوە بکات ئەم بەلێننامەیە لە لایەن بەشی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا پەسەند بکرێت .

( لە کاتی بەدەست هێنانی پلەی سەرپەرشتیاری پێشکەش دەکرێت).

خشتەی ناوی ئەو پەروەردانەی پێویستیان بە پلەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بنەڕەتی هەیە

| ب.گشتی پەروەردەی پارێزگا | ب.پەروەردەی قەزا | ب.گشتی پەروەردەی پارێزگا | ب.پەروەردەی قەزا |
| --- | --- | --- | --- |
| هەولێر | هەولێردەوروبەر | دهۆك | دهۆک رۆژهەلات |
| | دەشتی هەولێر | | دهۆک رۆژئاڤا |
| | خەبات | | سێمێل |
| | مخمور | | زاخۆ |
| | شەقلاوە | | ئامێدی |
| | کۆیە | | شێخان |
| | سۆران | | ئاکرێ |
| | رەواندوز | | بەردەڕەش |
| | چۆمان | | تلکێف |
| | مێرگەسۆر | | شنگال |
| سلێمانی | شارباژێر | گەرمیان | کەلار |
| | پێنجوێن | | کفری |
| | دوکان | | خانەقین |
| | ڕانیە | هەڵەبجەی شەهید | هەلەبجە |
| | پشدەر | | |
| | چەمچەمال | کەرکوك | کەرکوك |
| | قەرەداغ | | |